# سیاسەتی کۆچکردن

سیاسەتی کۆچکردن، بەتایبەتی کۆچکردنی کوردەکان ئەوجا تورکمانەکان، تەواوکەری سیاسەتی نیشتەجێکردنە و بەبێ ئەو کۆچپێکردنە، واتە مانەوەی دانیشتوانی ئەسڵی شارەکە لە جێگای خۆیان، زیادبوونی ساڵانەیان خۆی دەدات لە (.....). بێگومان دەبێتە هۆی سەرنەگرتن و نەهاتنەدیی تەواوی ئامانجەکانی بەعەرەبکردن و ساغکردنەوەی یەکجارەکی و هەتاهەتایی دەستبەسەراگرتنی شارەکە لە هەموو ڕوویەکەوە، ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و عەسکەریش....  کاتێکیش کە دەگوترێ سیاسەتی کۆچکردن، ئەمەیان جیاوازی چۆنایەتی (نوعی)ی تەواوی هەیە لەگەڵ سیاسەتی کۆچکردندا بەبێ (پێ).
چونکە ئەو (پێ)یە نیشانەیە بۆ زۆرەملێ و زۆرداری و سەرکوتکردن و چەوساندنەوە، واتە لێرەدا دوو واتا و واقیعمان بۆ دێتە پێشەوە سەبارەت بە کۆچکردن و کۆچپێکردن.
هەرچی دیاردەی کۆچکردنی دانیشتوانە (الهجره السكانية) وەک دیردەیەکی مێژوویی و بابەتی هۆی دیاریکراوی خۆی هەیە و لە چوار چێوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دێتە کایەوە، بەو پێیەش، کۆچکردنی دانیشتوان بۆ سێ هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:-
١. گەڕان بەدوای کاردا، واتە بوونی دەست بەتاڵی و بێکارییەکی فراوان لە شوێنێک بەرامبەر بە فراوانیی بوارەکانی کارکردن لە جێگای یەکەم وەک دیاردەیەکی بابەتی دەبێتە هێزێک بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی کارکردن (قوة طاردة لقوي العمل)، جێگای دووەمیش دەبێتە هێزێک بۆ بۆ کێشکردنی هێزەکانی کارکردن (قوة جاذبة لقوي العمل)، ئەمەش هەر وەک لەوەوبەر وتمان، دەگەڕێتەوە بۆ تایبەخۆیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ناتەبایی و ناعدیلی دابەشکردنی هێزەکانی کارکردن بەسەر چالاکییە ئابوورییەکاندا.
کەچی هەمان هۆی ئابووری بۆ کۆچکردنی دانیشتوان، واتە کۆچکردن بەهۆی کارەوە دەشێ بگەڕێتەوە جیاوازی داهات و کرێ و ئاستی گوزەران لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا.
٢. چەوساندنەوەی سیاسی، کەواتە زوڵموزۆر و ستەمکاری و سەرکوتکردن و ترس و تۆقاندن و...هتد، لە ئەنجامی دەسەڵات پەیداکردنی چینێکی کۆنە پەرست و ڕێگر لە دیموکراسی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی کۆچکردن و گواستنەوەی شوێنی گوزەران، بەتایبەتی لەکات و شوێنێکدا کە

بەرهەڵستییەکی ڕێکخراو و بەهێزی تێدا نەبێت بەرامبەر بەو چینە دەسەڵاتدارە، سەرەڕای نەبوونی هۆشێکی سیاسی .
٣. جیاوازی ئایینی و مەزهەبی، ئەمەشیان لە مێژوودا هۆیەکی تری کۆچکردن بووە .
هەرچی سیاسەتی کۆچکردنیشە لیرەدا هۆی کاریگەر و بڕیردەری سەرەکی، هۆشی چینی دەسەڵاتدارە بە مانای سەپاندنی ئەو سیاسەتە بەسەر چینەکانی خوارەوەدا کە لە ڕێگەی هۆشی سیاسی و ئایدیۆ لۆژی چینی دەسەڵاتدارەوە دێت سەبارەت بە بەرپاکردنی ئەو سیاسەتە بەسەر چینەکانی خوارەوەدا کە لە ڕێگەی هۆشی سیاسی و ئایدیۆلۆژی چینی دەسەڵاتدارەوە دێت سەبارەت بە بەرپاکردنی ئەو سیاسەتە یا هەرچ سیاسەتێکی تر بێت .
کەواتە هۆ خۆییەکان تێکەڵی هۆ بابەتی و مێژووییەکان دەبن و تا ڕادەیەکی زۆر کات و شوێنیشدا ئەو ماکە خۆییە (العمل الذاتي) دەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی ڕەوتی گۆڕانکارییە مێژووی و بابەتییەکان . بەو پێیە کۆچکردنی دانیستوانی کوردستان لە ڕاستیدا کۆچکردنێکە لەلایەن فاشیستەکانی بەعسەوە (بەپیی ئامانج و ئایدیۆلۆژیەتی ئەو تاقمە ڕەگەز پەرستە) بەسەر جەماوەری زەحمەتکێشانی کوردستاندا سەپینراوە، بەتایبەتی کۆچپێکردنی هێزەکانی کار پێکردن، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوەیە :-
١. ڕاستە لە کوردستاندا وەک هەموو هێزێکی تر، هۆی تایبەتی خۆی تێدایە بۆ کۆچکردنی دانیشتوان لەنێوان ناوچە جۆر بەجۆرەکانی خۆیدا، ئەو هۆیە بابەتیەش لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ نەمان و تێدا چوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی لە لادیکاندا و زاڵبوونی تەواوی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایە داری و خاوەنێتی تایبەتی (هەرچەندە سەرمایەدارییەکی شێواویش بێت) کەوا ئەم گۆڕانکارییە خۆی لەخۆیدا وەک یاسایەکی بابەتی دەبێتە هۆی کۆچکردنی بەشێکی فراوانی هێزەکانی کارکردن لە لادێکانەوە بەرەو شارەکان، چ وەک ئەنجامیک بۆ مایە پوچیی بەشێک لە مالکە بچوکەکان (المالكين الصغار) یا وەک ئەنجامیک بۆ گەڕانی بەشێک لە کرێکارانی کشتووکاڵی بە دوای کار لە شارەکاندا، یا وەک ئەنجامیک بۆ جیاوازی نێوان شار و لادێ لە ڕووی ئاستی گوزەران و جیاوازی کرێ و داهات لە نیوان ئەو دوو لایەنەدا .
٢. بەڵام سیاسەتی فاشیستە ڕەگەز پەرستەکانی بەغدا، بەتایبەتی لە کەرکوک، خۆی لە سیاسەتی بە عەرەبکردی تەواو و یەکجارەکی شارەکەدا دەنوێنیت لە پێناوی سەپاندنی هەمیشەیی ستراتیژی لەو مەرکەزە زیندووەدا . ئەمە بووەتە

هۆیەکی کاریگەر بۆ کۆچکردنی ئەسڵی دانیشتووانی شارێک لە ئەنجامی دروستبوونی دۆخێکی نالەبار لە جیاوازی ڕەگەز پەرستانەی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بڵاوبونەوە و زاڵبوونی سیاسەتی ترس و تۆقاندن خەفە کردن و گرتن و ئازاردان و هەڵواسینی بە کۆمەل و ڕاونان و وەدەرنانی ڕاستەوخۆ و چەندین شێواز و پلانی تری ڕاستەوخۆ بە مەبەتی پێچۆلکردنی سارەکە و بردنەسەر تەواو کردنی بەعەرەبکردنی شارەکە .
هەڵبەت کۆجکردنیس یا کۆچپێکردن لە شاری کەرکوک چەند جۆرێکی سەرەکی هەیە، ئەو جۆرانەش کە لەخوارەوە باسیان دەکەین، ئەوانەن کە کار دەکەنە سەر شێوەی دابەشکردنی هێزەکانی کار کردن بەسەر چالاکییەکاندا، واتە کار دەکەنە سەر هاوسەنگی ئابووری لەناو وڵاتدا بە گشتی .
١- کۆچکردن لە لادیکانەوە بەرەو شارەکان، بەڵێ، ئەم شێوە کۆچکردنە دیاردەیەکی مێژوویی – بابەتییە. بەڵام لەبەرئەوەی فاشیستە ڕەگەز پەرستەکانی بەعس مەبەست و ئامانجی چینایەتی تایبەتی خۆیان هەیە، دەبینین بەپێی ئەو ئامانج و بیرکردنەوە تەسکەی خۆیان ئەو کۆچکردنە ئاڕاستە دەکەن و لە ئەنجامی ئەو ئاراستە کردنەشدا ئەو کۆچکردنە گۆڕانێکی چۆنایەتی بەسەردا دێت دەبێتە کۆچپێکردن بەم شێوەیەی خوارەوە:-
أ- لە ئەنجامی گۆرینی نەخشەی ئیداری پاریزگای کەرکوک وەک لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوون کاروەتەوە، کۆچکردنی دانیشتوانی قەزا و ناحیە و گوندەکانی سەر بە پارێزگاکە و بەتایبەتی کۆچکردنی هێزەکانی کارکردن ڕووەو مەرکەزی کەرکوک ناجن ، بەڵکو بەسەر تکریت و دیالا و سلێمانی دا دابەش کراون .
ب. قەدەغەکردنی تەواوی نیشتە جێبوونی کوردەکانی دەوروبەری شاری کەرکوک لەناو مەرکەزی شارەکەدا، ئەویش لە ڕێگەی چەند بڕیار و یاسای جۆربەجۆرەوە کە گرنگ ترینیان بریتیە لە قەدەغە کردنی گواستنەوەی شوێنی گوزەران لە لادێوە بۆ شارەکە، کە ئەو مافە تەنها بە عەرەب دراوە، ئەوجا قەدەغەکردنی دروستکردنی خانوو تەنها بۆ ئەو کەسەنە نەبێت کە شوێنی لەدایک بونیان مەرکەزی شارەکەیەو بەس.
هەرچی ئەو عەرەبانەشە کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە دەگوێزرێنەوە، ئەوانە بەپێی بڕیار و یاسای تایبەتی شوێنی لەدایکبونیان دەبرێتە کەرکوک .
٣. کۆچکردن لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر ، ڕاستە ئەم شێوە کۆچکردنەش دیاردەیەکی تایبەتییە لە ناو ڕژێمی سەرمایەداریدا و هۆ بابەتیەکانیش ، وەک لەوەو

بەر باس کراوە، لەلایەک دەگەڕێنەوە لە شوێنێکی دیکەو لەلایەکی ترەوە دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی ئاستی گوزەران و کرێ لە نێوان ئەو شوێنە جیاوازانە دا، بەڵام سەبارەت بە کۆچکردن لە شاری کەرکوکەوە بەرەو شارەکانی تر ( تەنانەت لەنێوان شارەکانی تریشدا)، لە لایەن ڕەگەز پەرستەکانی بەغداوە ئاڕاستە دەکرێ و بەو پێیە کۆچکردن بەو شێوە بابەتی یە هەڵدەوەشێتەوە ، بەڵکو دەبێتە کردەیەکی خۆویستی سەپێنراو بەسەر هێزەکانی کارکردن و چینە زەحمەت کێشەکاندا بەمشێوەیەی خوارەوە :-

أ. کۆچپێکردنی بە زۆر لە ڕێگەی دوور خستنەوە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق و دروستکردنی تەلبەند ئەو دوور خراوانە یا لە ڕێگای ڕاستەوخۆی ترس و تۆقاندن و سەرکوتکردن و .... هتد، یا لە ڕێگای ،وەدەرنانی ناڕاستەوخۆ کە ئەم جۆرە کەسانە وەدەردەخرێن (بە هەرچ هۆ و هەرچ وەسیلەیەک بێت ) زیاتر بەرەو شارە کوردییەکان کۆچ دەکەن، بە تایبەتی سلێمانی و هەولێر .

ب. گواستنەوەی کرێکارە کوردەکانی کارگە میرییەکان لە گاز و نەوت و پاڵاوتنی نەوت و کبریت و ئەوجا بەشێکی زۆری مووچەخۆرە بچووکەکان، دامەزراندنی مامۆستای قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان بەسەر ناوچەی (حوکمی زاتی)دا، کە ئەم کارە دەبێتە هۆی گواستنەوەی شوێنی گوزەرانی ئەو بەشە کارکەرانە لەسەر ئاستێکی دوور یا نزیکدا بۆ ئەو شوێنانەی کاریان تێدا دەکەن.

ج. دروستکردن و دامەزراندنی چەند خانوویەک لە قەرەهەنجیر و ئەوەندەی تریش لە حەساری گەورە لە دەوروبەری شاری کەرکوک، ئەوجا جاڕدان بۆ دابەشکردنیان (بەبێ پارە؟) بەسەر هەرکەسێکدا خەڵکی کەرکوک بێت، جا لەبەر ئەوەی بەشێکی فراوانی دانیشتوانی شارەکە مافی ئەوەیان نییە کە خانوو دروست بکەن و بەشێکی تریشیان لەبەر بێدەرەتانی، دەبینین ئەو خانوانەی قەرە هەنجیر و حەسار زۆر بەزوویی پڕ دەبنەوە.

کەچی لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی بۆرژوازیەتی شارەکە بۆرژوازیەتێکی بازرگانییە، بەو هۆیەوە و بەحوکمی ئەوەی سەرمایەداریی بازرگانی بەدوای زۆرترین قازانج و لەکەمترین ماوەدا دەکەوێت، دەبینین ئەو سەرمایە یە و خاوەنەکانیان بەرەو ئەو شوێنانە کۆچ دەکەن کە بەفراوانترین شێوە سەرمایەکانی تێدا دەکەوێتە کارەوە هەروەها ئەو بۆرژوازیانەی لە قۆنتەراتدا سەرمایەکانیان خستۆتە کارەوە.

د. هاندانی دانیشتوانی شارەکە بۆ بەجێهێشتنی مەرکەزی کەرکوک لەڕێگەی بەخشینی پارچەیەک زەوی و هەزار دینار بە هەرچ کەسێک کە شوێنی لەدایک

بونی خۆی لە کەرکوکەوە بگۆڕێت بۆ هەرچ پاریزگایەکی تر کە ئەو کەسە هەڵی بژێرێت.
ه. ڕوخاندنی گەڕەکە میللییەکان، بەتایبەتی گەڕەکە کوردییەکان بە ناوی ئاواکردنەوە و پەرەپێدان و نەخشاندنی شارستانییانەی شارەکە و کردنەوەی ڕێگەو بانی تازە و دامەزراندنی پرۆژەی جۆراوجۆر لە چەشنی دایەرەی ئەمن و مەنزومە...هتد.
بۆ نموونە، تەنها لە گەرەکی شۆڕیجە کە گەڕەکێکی میللیی کوردییە و لە ناونووسینی ساڵی ١٩٧٧ دا گەورەترین گەڕەکی شاری کەرکوک دەرچوو کە ژمارەی دانیشتوانی پتر لە (سی و شەش هەزار ) بوو، بەناوی بەجێهێنانی پرۆژەی جادەکی تازەوە بە درێژیی (دوو کیلۆمەتر) و بە پانایی (هەشتا مەتر) بە بەناو کۆڵانەکانی شۆڕیجەدا خانوو ڕمێنرا و پتر لە هەزار خانوو بەردانەکانی بلدۆزەر کەوتن، بەڵام ئەوەی سەیرە، ئەوەیە کە پاش ڕووخاندنی تەواوی ئەو خانووانە، ئەندازیارە لێپرسراوەکانی شارەوانی کەرکوک ئاخیان هەڵکێشا، گوایە بە هەڵەداچوون و دەبوایە هەشتا مەتر پانی نەبڕن، بەڵکو تەنها چل مەتر پیویستی بەبڕین و پاککردنەوە دەکرد .
لە لایەکی ترەوە خاوەنانی ئەو خانووانە هەریەکیان (پێنج سەد دیناریان) بۆ بژێررا، بەبێ ئەوەی هیچ بوارێکی ئەوتۆیان بۆ بهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی توانای دروستکردنی خانووی تریان هەبێت، چونکە زۆر بەی زۆری دانیشتوانی ئەو گەڕەکە میلییانە بە ئەسڵ خەڵکی ناوشار نین؟ بەڵکو خەڵکی قەزا و ناحیە و گوندەکانی دەورووپشتی شارەکەن .
کاتێکیش دەڵێین پتر لە (هەزار) خانوو بەر دانەکانی بلدۆزەر کەوتوون، مانای ئەوە نییە کە هەزار و چەند خێزانێک بەر ئەو سەرگەردانی و ماڵوێرانییە کەوتوونە، بەڵکو زۆر لەو ژمارەیە زیاتر بەرکەوتووە، چونکە لەو جۆرە گەرەکە میللیانەدا بە دەگمەن خانوو هەیە کە تەنها خیزانێکی تێدا بژیەت .
کەچی لە پاڵ ئەو نموونەیەی گەرەکی شۆڕیجەوە، چەندین پرۆژە بەدەستی ڕەگەز پەرستەکانی بەغداوەیە لە چەشنی پرۆژە بانگکردنەوەی هێڵی شەمەندەنەفەری کەرکوک – هەولێر، بەڵم پانکردنەوەی هێڵێکی لەو جۆرە بە درێژای (سێ) تا (هەست) کیلۆ مەتر، هەر لە (مەحەتەوە) تاکو پشتی (ڕەحیم ئاوا) هەڵدەکشێ، دەبێ بۆ پانکردنەوەی چەند مەتری پێویست بێت؟ چوار؟ دە؟ بێگومان (نەء)، بڵکو بە نەزەری بەعس پێویستی بە (پەنجا) تا (شەست) مەتر هەیە بە هەر دیوێکدا، زۆربەی ئەو گەڕەکانەش کە ئەو هێڵەیان پێدا دەڕوات، کوردی و تورکمانین .

ئەوجا پرۆژەی پردی تەپە – زێویە کە بەو بەری خاسەوە جادەکەکەی شۆر دەبێتەوە و سەرانسەر بازارەکانی تەپەو خانووەکانی دەگرێتەوە، بەمبەریشەوە بەسی هەرە زۆری خانووەکانی زێویە و ئازادی خوارووی قەراخ خاسەدا شۆڕ دەبێتەوە و هەردوو پردەکەی تەبق چەلیش دەبڕێت تا دەگاتە ئیمام قاسم و لەوێشەوە دەسوڕێتەوە و سەرانسەری خانووەکانی خوارووی گەرەکی سەیدسەروەر دەگرێتەوە تا دەگاتە بەر تەکیەی شێخ جەمیل و ئەوجا جادەکەی سلێمانی .

٣- کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات. هۆی سەرەکی ئەم کۆچکردنەش لە بنەڕەت دا دەگەڕێتەوە بۆ چەوسانەوەی سیاسی نەمانی شوێنی حەوانەوە و سەرکوتکردن. بەڵام لەلایەکی تریشەوە، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ئاستی گوزەران و جۆری ژیانی لای خۆمان و ئەو وڵاتە بیانییانە لە هەموو ڕوویەکەوە،کە ئەمە دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خەڵکێکی زۆر، بەتایبەتی لە ناو لاواندا .

بەڵێ، سیاسەتی کۆچکردن وەکو تەواوکەری سیاسەتی نیشتەجێردنی عەرەبە لە کەرکوکدا، تەنانەت بەجێهێنانی تەواوی ئەو پرۆژە گەندەڵ و نامرۆڤانە و فاشیستانەی لە مێشکی نەخۆشەکانی بەغدادایە، بەڵام دوژمنان چەندا درندانە تەقەلای تواندنەوەی نەتەوەی کورد و سڕینەوەی واقیعی نەتەوەی کوردستان بدەن، چەند پارە و پولی تێدا خەرج بکەن و ڕێگەی هەڵخەڵەتاندن و تەفرەدان بگرنە بەر، لەبەردەمی ئیرادەی بەهێز و نەگۆڕی شۆڕش گێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەمووی دەبێتە خەیاڵی خاو لە مێشکی ئەو ڕەگەز پەرستانەدا دەپلیشێتەوە و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانیش بەخۆیانەوە دەکەونە بەر ئەو شەپۆلە مەزنەی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریی دیموکراسیی گەلی عێراق و بەرەو سەرەنوێلکی مێژوو ڕادەماڵرێن .